

عەلی بولاج

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: لە کراسێکی شێتەوە بۆ ماڵەشەریکییەکەمان

پێش ئەوەی دەست بە وتەکانم بکەم، بەڕێزەوە سڵاو لەهەمووتان دەکەم!
ناوی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کە لەم ناوچەیە نراوە، ئەو کەسانە ناویان نەناوە، کە لێی دەژین. هەموو ناونانێک پێناسەیەکە، هەموو پێناسەیەکیش، دەستێوەردانە. ڕۆژئاوا، لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا بێجگە لەخۆی، پێناسەی دونیا دەکات، دەستی تێوەردەدات و بۆ خۆی بەکاری دێنێت.

«لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا، بەرز دەستپێکردنی (لەنەبونی قوڵایی مێژوودا)، بە ئامانجی (بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن) و، ئەمە ناولێنانێکە بۆتە هۆی تێکدان و شێواندنی مێژووی ناوچەکە و کولتوری کۆمەڵایەتی. ئەوانەی ئەم ناوەیان داهێناوە، لەڕۆژئاوای ئەوروپاوە و بەتایبەتی لەناو ئینگلیزەکانەوە دەستی پێکردووە. ئاوایان لێکرد، چونکە لەبەرامبەر ئیرادەکانی خودادا، ئەو بیرۆکەی کە وا مێژوو وای لێکردوون، بەشێوەیەک بیر بکەنەوە، کە بەشەرییەت بە هەموو جۆرو ئەندامەکانییەوە دەبێ بە پێی ویست و خواستی ئەوان بجوڵێنەوە و بۆ چاکەی خۆیان بەکاریان بێنن و حکومڕانی گشتیی پێکدەهێنن. لەم ڕووەوە دنیا بەدەست پێکردن لە ئەوروپاوە و بۆ «ڕۆژهەڵات» و ئەوسەری ڕۆژهەڵات»ەوە (شارک ـ ی باید) بەدرێژبوونەوەیەکی ڕاستیانە، لە خەزێنەی مرۆڤ و جوگرافیادا دەگاتە هەرەس. «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست» ناوەڕستی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەیە ( شرق الاوسط).

**دەڵێن ناولێنان چ شایەنی باسە و چ مەترسییەکی هەیە؟**

کەئەم ناوەت قبوڵ کرد، دەبێ لەژێر فەرمانی ئەودابیت، بەپێی مێژوو و چاکسازی ئەوان کاربکەین. ناوەکەشی لەزمانی عەرەبیدا یەکێک لە واتا بنەڕەتییەکانی ئەوەیە، کە لەسەر گردێک نیشانە دانێیت بڵێی (ئەم شوێنە موڵکی منە) یاخود شوێنی وەستانی ئاژەڵە. ئەو شوێنەی ئالای لە کۆبەنەوەدا هەڵکردووە یان ئاژەڵ بەخێوکردن، واتە ئەم خاوەنی خۆی هەیە، واتە موڵکی ئەوە. لە هەردووماناادا ئەم ناولێنانە واتای موڵکییەت دەبەخشێت. بەڵام پەیوەندی ناوی

ئەوەکەسە، پێکهاتەی ئەم ناوە نییە. ئەوکەسەی کە واتای ناوەکەی، ناوەڕۆکی خۆیەتی، بەپێی ئەو ناوەی کە پێیدراوە، هەستدەکات و هەوڵدەدات لەدونیا هەڵسوکەوت بکات و ڕاستییانە بژیت. لەبەر ئەمەیە لەدینی ئیسلامدا ئەمە کاروئەرکە لەسەر باوکایەتی، دەبێ ناوێکی جوانی پێ ببەخشێت. ئێوە ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ناتوانن مەرکەزی بن، لەلایەن مەرکەزێکی ترەوە بەڕێوەدەبرێن، دادەڕێژرێن و بەدڵنیاییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

بۆ نموونە، تورکیا لەکاتی جەنگی سارد، لە دژی سۆڤێتییەکان لەپاراستنی ئەوروپا، بە» لایەنی وڵاتی باکور» ناسرا. ئێستاش وەک پردێک دەناسرێت. باشە، با لە خۆمان بپرسین: «وڵاتێکی لایەنی» یاخود «پرد» بایەتێکی بێ بایەخی خۆی، مەرکەز ئەکتەریکی ئازای لە دیاریکردنی ستراتیژی تایبەت بەخۆی دەبینرێت؟ بێگومان نەخێر!

وشەی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» یەکەم جار لەساڵی ١٩٠٢ لەلایەن ئەمیراڵ سیر ئەلفرێد تایەر ماهان بەکارهێنرا: وەک چۆن چەکوش هەر شتێک هاتە بەردەمی وەک بزمار دەیبینێت، ڕۆژئاواش دونیا و کۆنتڕۆڵی سەربازی و مەیدانی ناسنامە، وەک یەک دەبینێت: بەڕاشکاوی ئامانجی کۆنتڕۆڵی سەربازی، خۆماڵیکردنی ئابووری و بەبیانیکردنی کولتوورە. ماهان، بەجیاوازیبوونی لە ئەمڕۆ، بیابانی عەرەبی و ناوچەی نێوان هیندستانی مەبەست بوو. داڤیدسۆن، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەچوارچێوەی ئیسلامدا بە ناوچەیەکی سیاسی جوگرافیا دەبینی و لایەنگری دەکرد. هۆگارت و چێرچڵ لەم تێگەیشتنەدا ئەوەیان بەباش و گونجاو زانی، کە ئەلبانیا و باڵکانیش لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بن. وتەی ئەم دوو زاتە، ئاوێتەی تێگەیشتنێکی زۆر بوو بۆ جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای کولتووری.

لەساڵانی ١٩٣٠ دا ئینگلیزەکان لەژێر چاودێری خۆیاندا، ئەو دوو شوێنەی کە لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆیاندا بوو و بەپێی مەرکەزی، هێزی ئاسمانیان دابەشکردبوو، یەکێک لەو ئەفسەران لە عێراق بوو. بەمە «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و بەوە کە لە میسر بوو، «ڕژهەڵاتی نزیک» (شارک–ـ ی کاریب) ناوی ئەم ئەفسەرەیان لێنا. بەم شێوەیە باکوری ئەفریقا، سودان و سۆماڵ خرانە ئەم سنوورەوە: دوای جەنگ، سنوورەکان لە لیبیاوە تا ئەفغانستان درێژ کرانەوە. نەخشەکەکان لەسەر مێز و لە لایەن ئەفسەرە گەنجەکانەوە دەکێشران، هەر بۆیە ئاسان بوو ناوچەیەک لاببرێ یان بخرێتە سەر ناوچەیەکی ترەوە: لە کۆتایدا هەڵسەنگاندێکی نوێ کرا و سۆماڵ لابرا.

لەساڵانی کۆتایدا بوو، بەڕاستی بوونی BOP (پرۆژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و دوابەدوای ئەو هاتنی KAGOP (باکوروی ئەفریقا و پرۆژەی فراوانکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە فاسەوە بۆ هیندستان و سنوورەکانی چین، لە تورکیا و قافقاسەکان و لە باشوریش لە بیبانە گەورەکان و هەتا یەمەن، ئەو وڵاتانەی لەخۆ گرت. ئاشکرایە کە، پێناسەی ئێستا، لە ١٩٣٢ و ١٩٣٩ لەسەر بەردەوامبوونی پێناسەی ئینگلیزەکان تەواو کراون و ئەنجام دراون.

لەگەڵ ئەمەشدا BOP تۆزێکی تر فراوانکردن لە جوگرافیایدا، دەستنیشان کراو. ئەو تایبەتمەندییەی کە نابێ لەبەرچاومان بزر بێت، ئەوانی کە ئیسرائیلیان زیادکرد، بێگومان شتێکیان نەبووە کە داهاتوویەکی فراوانی هەبێت. بەپێی دیپلۆماتی ئوردونی، حەسەن ئەبو نەعیمە، یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی BOP پشتگیری کردنە لە داخلکردنی ئیسرائیل بۆ ناوچەکە. بە تێڕوانینێکی تر ناوچەکە بخرێتە ژێرپرۆژەی دەسەڵاتێکی نوێوە. ئەم بابەتە دوای ساتێک دەرفەتی ئەوەم دەبێت، بیخەمەوە ناو باسەکانم.

لە چارەكی چەرخی ڕابردوودا، سنوورەكانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كێشران: كێ و كام مەزهەب و یاخود گرووپێكی نەتەوەیی، لەكام ناوچەدا دەبێتە خاوەنی حوكم، لەسەرمێز بڕیاردرا. نەخشەكێشان بە ڕاست كێشران. مەسەلەكە ئەوەبوو، ئەوانەی سنوورەكانیان كێشاوە، ئەوانەی بەردەكانیان ڕاخست، خەڵكی ئەم ناوچەیە نەبوون: داگیركەر بوون. كە دەوڵەتی عوسمانی بڵاوەی كرد، مەركەزیش بڵاوەی لێكرا.
ئێستا لەناو چارەكی سەدەی ٢١ داین، ١٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. بەردەكان دیسان ڕادەخرێنەوە، ئەو كێشانەی كە لە سەدەی ڕابردوودا دەهاتنە سەرڕێمان و ئێستا دیسان پەنگیان خواردۆتەوە لە ڕێگاماندا. تەنها جیاوازی ئەوەیە، كە ئیسرائیل وەك هێزێكی سەربازی لە دەرەوە هێنراوە و لە ناوەڕاستی ناوچەكەدا مۆنتاژ كراوە و بەستراوە بە ناوچەكەوە. ئەوانەی كە دەیانەوێ شكڵێكی نوێ بە ناوچەكە بدەن، دووبارە ڕاوبۆچونی دانیشتوانی ناوچەكە وەرناگرن.
لەساڵی ٢٠٠٦ لە ڕۆژانی پەلاماردانی ئیسرائیل بۆسەر لوبنان، وەزیری دەرەوەی ئەمریكا، كۆندو لیزا ڕایس لەسەردانێكیدا بۆ تێلئاڤیڤ، گوتی: «كاتی ڕۆژهەڵاتی تازە هاتووە». «لەشكركێشی دەستی پێكردووە، ئەوخەڵكانەی كە لەم ناوچەیەدا دەژین، بەویستی خۆیان بێت و بەزۆر بێت، دەبێ سەر بۆ گۆڕان دانەوێنن، ئەوەی شكی هەیە، با سەیری لوبنان بكات!» لە پێش ئەو، وەزیری دەرەوەی ئەمریكا، كۆڵن پاوڵ دەیگوت: «ئەوكەسانەی كە نایانەوێت بگۆڕێن، لەوانەیە یک دوو تۆپ ببارێنین بەسەریاندا». ئەوەی كە ڕونە ئەوەیە، ئەوانەی كە دەیانەوێت ڕۆژهەڵاتێكی ناوەڕاستی نوێ بۆ شكستپێهێنانی كۆنەكە دروست بكەن، پشت بە سێ شت دەبەستن:
أ-–هێزی سەربازی و وڵاتان (ئەفغانستان، عێراق، فەلەستین، لوبنان، سۆماڵ و ئیحتیمالاتی هاتنی هەندێ وڵاتی تر بەدوای ئەمانەدا)
ب - ڕژێمی سیاسی و گۆڕینی نەخشە
ت–- ئیسلامییەت، بە پێی وتەی باوكی نیۆ كۆنلار نۆرمان پۆدۆرێتز «هەڵكەندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێنانە ئاستی دینی ئیسلام بۆ ڕەگی عیلمانییەت» پرۆژەكانی پەروەردە، چالاكی ژنان و STK یەكان (پێكهاتە موژدەبەرییە شایستەكان، سەرچاوە دارایییە ستراتیژییەكان، ئابوری، كۆمەڵایەتی، سەنتەری گەڕانی كولتوری) بەیارمەتی ئەمانە خەونەكان دێنە دی.
لەمە یان لەو ناوەڕۆكدا بێت «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ» ئیتر حەق نییە بگوترێت، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی لەبازنەی دەرهێناندا لابرا: بەڵام لەبەرئەوەی كۆنەكە كارناكات، بەبێ شك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دروست دەكرێت:

**سێ دامەزرێنەری گرنگ ، پشتگیری ئەم بیرە دەكەن:**

١- شایەنی باسە لەپرۆژەكەدا ڕۆژئاوا هێنراوەتە مەركەز، ئەو ناوچەی پێی دەگوترێت «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بەپێی

ئەمە پێناسە کراوە. بەشێوەیەکی تر، ڕۆژئاوا نەگۆڕە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت:
٢ـ وەک داڤیدسن دەڵێت: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی ژیانی موسڵمانانە، بەڵام بۆ ڕژئاوا مانای جوگرافیایەکی تری هەیە.
٣ـ ناوچەکە بەردەوام لەژێر تاقی کردنەوە ڕابگیرێت و ئامادە و کراوە بێت بۆ ڕێکخستنەوەی نوێ.
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراسی شێتێکە! ئەوکراسەی کراوەتە بەر خەڵکی ناوچەکە، دەگۆڕێت یاخود هەموو پێکهاتەکان بەژێر ریفۆرمێکی ڕەگیدا تێدەپەڕن؟ هەرچۆنێک بێت، ڕاستییەکی دڵتەزێن لەبەردەمماندا هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئێمە وەک خەڵکی ناوچەکە، با چی تر ڕێگە نەدەین و پێش ئەوەی یەکێکی تر بەسەرماندا تۆپ ببارێنێت، پێویستە خۆمان ئیرادە و ویستی گۆڕان پیشان بدەین:
١ـ ناوچەکە گۆڕانی گەورەی لێ چاوەڕێ دەکرێ، دەبێ وا بکرێ، ئەم گۆڕانکارییانە لە ناوخۆدا ئەنجام بدرێن.
٢ـ لەکاتی گۆڕانکاریدا، دەبێت سیاسەتی گفتوگۆ و ڕادەربڕین پەیڕەو بکەین، هەرپڕۆژەیەک بەهێز بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێت، ئەوە دیموکراسی نییە و دیموکراسییەتیش ناهێنرێتە ناوچەکەوە:
٣ـ دین تەنها کۆد و شفرەی مێژوویی و کولتووری ئەم ناوچەیە نییە، بەڵکو کۆد و شفرەی سیاسەتی کۆمەڵگا و سیاسەتی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێت، ئەوەی کە ناوچەکە پێویستییەتی، گۆڕنکاری و دیموکراسییە، بەپەراوێزکردنی دینی ئیسلام و خستنە ناو مەیدانێکی تایبەتەوە، ئەوا نابێت بە ناوچەیەکە، ڕێژەی یا خود خۆی.
٤ـ لە سەدەی ٢٠ دا هەرچی بوو بێ، دەبێ لە سەدەی ٢١ یشدا نابێت هەمان شت ڕوبدات، مێژوو دووبارەی ناکاتەوە، بەڵام هەڵەکان و ڕاستییەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوە، ئەوەی پێویستە بیکەین ئەوەیە، دەرس لەو هەڵانە وەرگرین کە لەسەدەکانی پێشوو کردوومانە، وا بکەین کە هەڵەکان دووبارە نەکرێنەوە.
ئەو گروپە ڕەگەییانەی کە لەم ناوچەدا دەژین، ئەوانەی کە مەزهەب و بیرکردنەوەی جیایان هەیە، ئێستا هەموویان خزمن و لەیەک نزیکن. ئەگەر ئێمە خۆمان دامودەزگا رووخاوەکانی خۆمان، بە ئیرادەی خۆمان نەگۆڕین و چاکی نەکەین، ئەوە بێگومان یەکێک لە دەرەوە دێت و دەیگۆڕێت. ئەو ئازارانەی کە لە مێژووی نزیکدا ڕویان دا، ئەمانە دەسەلمێنن.
دەتوانین باس لە چوار کێشەی سەرەکی ناوچەکە بکەین کە تائێستا چارەسەر نەکراون
١ـ خێرا چوونە ناو دینامیکی دیموکراسی و دابینکردنی لەسەر میکانیزمی بڕیاری خەڵک و لەقۆناغی بڕیاردان دا دەبێ زیاتر بەکار ببرێت.
٢ـ لابردن، نەهێشتن و خۆ ڕزگارکردن لە بەفیڕۆدانی سەرچاوە ئابوورییەکان و ئەو داهاتووەی کە ڕۆژانە لە بەبڵاوبوون و گەورەبوندان، هەروەها نەهێشتنی نایەکسانی و نا عەدالەتی بەشێوەیەکی یەکسان.
٣ـ ئەوتایبەتمەندییە گشتییەی ناوچەکە کە ئیسلامە، دەبێت بخرێتە کەنارێکەوە و جیابکرێتەوە لە دەسکاریکردنی بەسیستەمی سێجەمسەریی ئیسلامی. ئەگەر ئەوەیکە لە موسڵمانەکانیان دەوێت ئەوەبێت، ژیانی مۆدێرن بەگونجاو

پیشان بدەن و هیچ ڕەخنەیەکیان لە ژیانی ڕۆژئاوا نابێت، شەڕ لەدژی عادەتەکانی خۆیان دەکەن و بە بەردەوامیی ئەویتر تاوانبار دەکەن. ئەمە داگیرکردنێکی کولتوورییە و دوابەدوای داگیرکەری سەربازی و سیاسی و ئابووری ئەنجام دەدرێت.

سەرۆککۆمارەکەمان بەڕێز عەبدوڵلا گویل، هەفتەی پێشوو لەسەردانێکیدا بۆ عەرەبستانی سعوودی باسی ئەوەی کرد کە «لە ڕۆژئاوا دوژمنداریيەکی شاراوە هەیە بەرامبەر بە ئیسلام.» نابێت ئەمە پشت گوێ بخرێت و فرێ بدرێت، سیستەمی سێجەمسەری، دوای دابەش بوونی یەکێتی سۆڤیەت، گەڕان بە شوێن بەرامبەرێک بۆخۆی، ئیسلام و موسڵمانەکانی وەک دەجال ناساند، موسڵمانەکانی بەرامبەرکردن و کردنی بە شەیتان. بەدرێژایی مێژوو، موسوڵمانە هەستیار قوڵەکانی ڕۆژئاوا و پێغەمبەرەکەیان وەک «دەجال» ناساند. ڕۆژئاوا، بە دووڕووییکردن نایەوێت ئیسلام بە شێوەیەکی هەستیارانە بخاتە ناو سیستەمەکەیەوە . چونکە ئەگەر ئیسلامییەت بهێنرێتە ناوەوە «ترسی دەرەکی) بەرامبەر خۆی ڕوبەڕو دەبێتەوە و بەم شێوەیە «شەیتان» دەچێتە دەرەوەی سیستەمی سیاسییەوە.

٤- دایکی کێشەکان کە کێشەی فەلەستین دەبێت، بەشێوەیەکە حەق و یاساییانە چارەسەر بکرێت. هەتا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، نە ئارامی بۆ ناوچەکە و نە سەقامگیری دەبێت و نە باوەڕی نێودەوڵەتی پەیدا دەکات. تەنها ڕێگای ئەمەش، BM ی ئیسرائیلی ٢٤٢ ئەم بڕیارە پەیڕەو بکات و ئەو خاکانەی داگیری کردوون، چۆڵیان بکات : پەیوەندییەکی دۆستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پەیدا بکات.

ڕاستییەک هەیە کە ئیسرائیل دەبێت بزانێت: حەزرەتی ئیبراهیم، حەزرەتی ئیسعاق و حەزرەتی یەعقوب سەلامی خوا لەسەر هەموویان، واتە خاکێک کە ٤٧٥٠ ساڵە لەم دەست بۆ ئەودەستە و پارێزراوە، ئێستا ئەو ناتوانێت داگیری بکات: زیاتریش لەوە ناتوانێت بڵێت ئەو زەوییە لە نیلەوە بۆ فورات، (ارض الموعود)ە و تاپۆی بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەتا قیامەت، شەڕ و ئاژاوە لەم ناوچەیە نابڕێت.

شتێکی تر هەیە کە پشت گوێ دەخرێت، ئەوەیش ئەوەیە، هەر کاتێک دەوڵەتی داگیرکەر کە حوکمی ئەو شوێنە دەکات و دواتر بەجێی دەهێڵێت، بەبێ گومان لە هەمووخاڵێکدا هەڵئاوسانێک بەجێ دەهێڵێت: لەدەست ئەنقەست و بەشێوەیەکە سیستەمکاری، هیچ کێشەیەکی سیاسی، جوگرافی و ڕەگەزی چارەسەر ناکەن و ئاساییانە لە دواڕۆژدا دەبێتە هۆی هەڵئاوسان و شەڕ و پێکدادان. بە دۆزینەوەی ئەمە و ئەوە کێشە و لەیەک تێنەگەیشتن لە نێوان وڵاتانی دراوسێدا دروست دەکات و دەبێت هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان .

وەک دەبینین، کە کێشە هەڵواسراو و هەڵئاوساوەکان بەشێکی زۆری، هەروەک چۆن دڵتەزێنانە «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان» ناولێناین، ئاواش ئەوانە بوون، ئەم کێشانەیان بەسەرماندا داسەپاندن، ئەمانەن هۆکارەکان. نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕژێمی داگیرکەری و خۆداسەپاندن، سەر بە ئێمە نین، نە موڵکی ئیسلامە و نە لە ئیسلامیشەوە وەک میرات بۆمان ماوەتەوە. ڕۆژئاواییەکان هێناویانە و خستویانەتە باوەشمانەوە. لەم چوارچێوەدا، ڕۆژهەڵاتی کۆن و نوێ لە

دونیای ئیسلامیدا، لەلایەن ڕۆژئاواوە کراسی شێتێکە و لەبەرکراوە. یەکەم هەنگاوی ئازادیمان ئەوەیە، ئەم کراسی شێتە لەبەرماندا، بەڵام پێش ئەو لە زەین و مێشکماندا لای بەرین، دای بکەنین و فرێی بدەین.

دوا خاڵ: لە هەموو پلاتفۆرمێکدا باسی دەکەین:

ناوچەکەمان بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەوڵەتانی بەهێزەوە بەڕێوە براوە.: ئەو چەترەی ئەم دەوڵەتانە یاخود ئیمپراتۆریەتانە هەڵیان دابوو، دینەکان، مەزهەبەکان، گرووپەڕەگەزەکان و نەتەوەکان، بەیەکەوە لەژێریدا دەژیان. ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەناوچەکەماندا، دین و مەزهەبی جیاواز پێکەوە و پشت لە پشت دەژین. جیهانی یەکدەست بۆ نەتەوە یان مەزهەب دروستکردن، دەبن هۆی خەمی گەورە و کێشەی گەورە. لەسەردەمێکی وا ناسکدا دەژین، ئەگەر ناوچەکە لەسەرەتاوە بگۆڕێت یاخود ئەو کەسانەی کە دەیگۆڕن ئێمە بین، ڕاستییەک هەیە کە دەبێ بیزانین: یەک شێوازی دەوڵەت، هەر نەتەوە، هەر مەزهەب و خەمی ئەوەی بێت، تەنها بەشی خۆی ڕابکێشێت، ئەوا لەم قەیرانە ڕزگارمان نابێت.

لەڕابردودا ئەو نەتەوەانەی کە وا ناهەقییان بەرامبەر کراوە، لەسەرووی هەموویەوە خەڵکی کورد دێت: من لێرەوە بەڕەحمەتەوە سەری ڕێز بۆ هەزارەها خوشک و برای کوردی بێتاوان و قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە دادەنوێنم، پێویست ناکات ئەمە دووبارە ببێتەوە. کوردەکان وتورکەکان، عەرەبەکان و فارسەکان، سوننەکان و شیعەکان، بۆ پێکهێنانی دونیایەکی نوێ، دەبێت ببینە خاوەنی خۆشەویستی و نزیکبوونەوەی دەوڵەمەند تر. ئەمر بەسەر یەکدا نەکەین، مافە سەرەتاییەکانمان و ئازادییەکانمان دابین بکەین، بەبێ نکۆڵیکردنی ناسنامەی یەکتری و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکدا و بەرووخۆشیی و سەبر و ئارامییەوە دەتوانین، کۆتایی بە ئازارەکانمان بهێنین. بە ئیرادەی خۆمان دەتوانین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کراسی شێتییەوە، بکەین بەسەرچاوە سروشتییەکانمان و میراتەکانمان بکەین بەماڵی خۆمان.

دەبێت ئەمە بکەین، چونکە یان بە یەکگرتن گەورە دەبین، یان بە بەگژداچوون ملمان شۆڕ دەکەین. قسەکانم بە وتەیەکی زانا، بلیمەت و لێهاتووی کورد سەعید نورسی کۆتایی پێ دێنم کە لە تورکیادا ملیۆنەها شوێن کەوتووی هەیە. «حاڵی ڕابردوو مەحاڵە، یان حاڵی نوێ یان ئیزمیحلال»

سوپاسی هەمووتان دەکەم، کە بە سەبرەوە گوێتان گرت.

# توێژینەوە

گۆڤاریکی وەرزییە

ژمارە ١٢

ئەم ژمارەیە تایبەت بە کۆنفرانسی هەولێرە

تەوەری باس:

## بەها هاوبەشە کولتوورییەکان و داهاتوو

گۆڤارێکی وەرزییە

ژمارە ١٢

